### ستیڤن بیدل پسپۆڕی ستراتیژیی سەربازی لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ گوڵان:



# ئەگەری سەرکەوتنی ئەمەریکا لەم ستراتیژە نوێیەدا لاوازە

**پسپۆرانی ستراتیژیی سەربازی و سیاسی لە نێوەندەکانی دیراسەت و لێکۆڵینەوە هەموویان بە جیاوازی بیروبۆچوونیانەوە لەسەر ئەو بۆچوونە کۆکن ئەمەریکا لەعێراقدا سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت، ئەوەی ئێستا جێگەی موناقەشە و وتووێژی نێوان شارەزا و پسپۆرانی ئەم بوارەیە، ئەمەریکا چۆن لە تەڵەزگەی عێراق رزگاری بێت و چۆن کارێک بکات بەرژەوەندیەیکانی ئەمەریکا رووبەرووی مەترسی نەبێتەوە.**

**هەربۆیە کاتێک باس لە ستراتیژییەتی تازەی ئەمەریکی دەکرێت، هەست دەکرێت ئەم ستراتیژە پشتی بەستووە بە دیپلۆماسییەتی هێز زیاتر لەوەی پشت بەستوو بێت بەهێزی دیپلۆماسییەت.**

**بۆ هەڵسەنگاندن و ئاگاداربوون لە تێڕوانینی پسپۆرانی ستراتیژی ئەمەریکا، گوڵان پەیوەندی بە د.ستیڤن بیدل پسپۆری ستراتیژیەتی سەربازی لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە:**

**ئەم هێزە نوێیە هێندە نییە و بەو ئاستەش نییە بتوانین ئاشتی و سەقامگیری لە شارێک بە قەوارەی بەغدا بچەسپێنێ، ئەگەر ئەم بوونەی هێزەکانی ئێمەش نەتوانێت سەقامگیرییەکی تەواو بچەسپێنێ**

### ئەم ستراتیژە تازەیە چی تازەی لەخۆ گرتووە؟

ستراتیژی تازەی ئەمەریکا هێندەی ستراتیژییەکی سەربازییە، هێندە سیاسی نییە، هەربۆیە جیاوازییەکیشی لەگەڵ ستراتیژی پێشووی ئەمەریکا هەیە. دەربارەی ئەم ستراتیژە نوێیە د.ستیڤن بیدل بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە:

"لە دوای راگەیاندنی ستراتیژییەتی تازەی سەرۆک بوش، من بە کورتی چەند تێبینییەکم لە سایتی ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە بڵاوکردەوە وتیایدا پرسیاری ئەوەم کردبوو "لە ستراتیژی پێشووی ئەمەریکا، ئەگەرەکانی سەرکەوتن زۆر لاواز بوون، ئایائەم ستراتیژە تازەیە ئەو بۆشاییانەی پڕکردۆتەوە؟

بێگومان بە بۆچوونی من ئەم ستراتیژە تازەیە هەندێک لەو کەلێن و بۆشاییانەی پڕکردۆتەوە، بەڵام نەک زۆربەیان، هەندێک شتی باش لەم ستراتیژە نوێیەدا هەیە بۆ نموونە گۆڕینی ئەرکی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتییانی سیڤل لە عێراقدا، ئەمەش گۆڕینی ئەرکە کۆنەکەی هێزەکانمانە و هەنگاوێکە بە ئاراستەیەکی راستدا، هەروەها پابەندبوون بەئامادەباشییەکی نوێوە هاوکات لەگەڵ بوونی هێزەکانمان لە عێراقدا بۆ بەگەڕخستنەوەی پرۆسەی پێکهاتنەوەی نیشتمانی.

لە هەمانکاتدا هەندێک کەموکورتی گرنگیشی هەیە، بەتایبەتی ئەم هێزە نوێیە هێندە نییە و بەو ئاستەش نییە بتوانین ئاشتی و سەقامگیری لە شارێک بە قەوارەی بەغدا بچەسپێنێ، ئەگەر ئەم بوونەی هێزەکانی ئێمەش نەتوانێت سەقامگیرییەکی تەواو بچەسپێنێ، ئەوا لەسەر ئاستی سیاسی دەبێتە هەڕەشەیەک بۆ دوورکەوتنەوەمان یان بێ بەڵێنی یاخود کاریگەرییەکی زۆر کەم.

هەربۆیە ئەم ستراتیژە نوێیە گرەوێکی گەورەیە، ئەگەرەکان کەمترن، بەڵام لە ستراتیژی پێشتر باشترە، بۆ پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەگەری سەرکەوتن زیاتر دەبێت؟ بێگومان وڵامێکی بابەتیانە بۆ ئەم پرسیارە نییە، ئەم مەسەلەیە پێویستی بە کەسێکی لێبوردەی ئەوتۆ هەیە کە بەرگەی خەرجی و مەترسی گەورە بگرێت و بتوانێت لەنێو ئەگەرە جۆراوجۆرەکان حوکمڕانی گەلەکەی بکات.

بەهەرحاڵ، وێڕای هەموو ئەمانە، شکست هێنان لە عێراقدا بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا رووبەڕووی گەورەترین مەترسی دەکاتەوە، ئەمە لەکاتێکدا چانسی بەردەمیشمان بۆ سەرکەوتن زۆر گەورە نییە، باجی ئەم گرەوەش لەسەر ژیانی هاووڵاتییانی ئەمەریکاش زۆر دەکەوێت، بەڵام

ئەوەش کارێکی لۆژیکیانەنییە لەم کاتەدا بڕیار لەسەر ئەوە بدەین،کە ئەگەرەکان چەند سەرکەوتوون و خەرجییەکانمان چەند دەبن.

**لەوانەیە کۆنگرێس بودجەی هێزەکان پەسەند نەکات**

دوای سەرکەوتنی دیموکراتەکان لە کۆنگرێس گوشاری سەر ئیدارەی بوش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە، بەڵام چاودێران مەزەندەی ئەوە دەکەن کە دیموکراتەکانیش لە مەترسی شکستی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق تێدەگەن و چەند دژی هەڵوێستی بوش بن، بەڵام لەوەدا یەکدەگرنەوە کە کارێک نەکەن بەرژەوەندی و ئایندەی ئەمەریکا بکەوێتە مەترسییەوە، بەڵام پێدەچێ ئێستا ئەم ململانێیەی نێوان کۆنگرێس و ئیدارەی ئەمەریکی ئەو ئاستەی بەزاندبێت و کۆنگرێس هەڵوێستێکی توند بەرامبەر هێزەکانی ئەمەریکا وەربگرێت.

**دەربارەی ئەم مەترسییە د.ستیڤن بیدل دەڵێت:** ئەوە زۆر دوورە سەرۆک بوش بتوانێت پشتگیری دیموکراتەکان بۆ ستراتیژییەتی تازەی ئەمەریکا لە عێراقدا مسۆگەر بکات، لەبەرئەوەی دیموکراتەکان بە جدی دژی زیادکردنی هێزەکانی ئەمەریکان بۆ عێراق، بۆیە لەباری واقیعدا من وای دەبینم کە دیموکراتەکان هەوڵبدەن ببنە ئاستەنگ بۆ ئەم ستراتیژە نوێیە و زیاد لەمەش یاسایەک دەربکەن کە خەرجیی لە هێزەکانی ئەمەریکا ببڕن.

**حکومەتی مالیکی لەبارودۆخێکی زۆر قورسدایە**

ئەو بارگرانییەی لە ئاکامی گوشارەکانی کۆنگرێس و ڕای گشتی ئەمەریکا دروست بووە، ڕەنگدانەوەیەکی خراپی لەسەر باری حکومەتی مالیکی هەیە، هەربۆیە بوش ناچار بووە ڕاشکاوانە بڵێت هیچ کات مالیکی هێندە لاواز نەبووە، دەربارەی بارودۆخی حکومەتی مالیکییش د.ستیڤۆن دەڵێت:

حکومەتی مالیکی ڕووبەڕووی سەخترین تەحددی بۆتەوە ئەویش دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری عێراقە، من ئومێد دەخوازم لەم ئەرکە قورسەدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام ئێستا لە بارودۆخێکی هێجگار قورس و خراپدایە".

**ئەم ستراتیژە تازەیە**
**هەمان ستراتیژی پێشووە بۆ کورد**

کوردیش مافی خۆیەتی لە هەر گۆڕانکاری و بەرەوپێشەوەچوونێکدا، پرسیار لە پێگەی خۆی بکات و بزانێت بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێت، هەندێک لە چاودێران لەسەر بارودۆخی عێراق و کوردستان وای دەبینن کە ئەم ستراتیژە تازەیە دەستکەوتەکانی کورد کەم دەکاتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کوندالیزارایس ئاماژەی بەوە کرد کە کورد مافی بەسەر دەرهێنانی نەوتەوە نابێت لەسەر ئەم پرسە گرنگەش بیدل گوتی: "ئەم ستراتیژە تازەیەش هەروەک ستراتیژ پێشتری ئەمەریکا جەخت لەسەر پێکهاتنەوەی پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق دەکاتەوە لە ناویاندا کوردیش، بۆیە لەم ستراتیژە تازەیەدا من وای دەبینم بۆ پێکهاتە سەرەکییەکان هەمان ستراتیژی پێشووە.

**چانسی بەردەمیشمان بۆ سەرکەوتن زۆر گەورە نییە، باجی ئەم گرەوەش لەسەر ژیانی هاووڵاتییانی ئەمەریکاش زۆر دەکەوێت**

**مالیکی ڕووبەڕووی سەخترین تەحددی بۆتەوە ئەویش دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری عێراقە، من ئومێد دەخوازم لەم ئەرکە قورسەدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام ئێستا لە بارودۆخێکی هێجگار قورس و خراپدایە**

